# ڕۆڵی CAFCASS
## پشتگیریکردن و پاراستنی بەرژەوەندیی منداڵان لە کەیسەکانی کێشەی خێزانی لە دادگادا

## The Role of CAFCASS
Safeguarding and promoting the welfare of children involved in family court proceedings

(Kurdish Sorani)

### CAFCASS چی‌یە؟

کاری دەزگای خزمەتگوزاریی ئامۆژگاری و پشتگیریی کاروباری دادگایی بۆ منداڵان و خێزان (Children and Family Court Advisory and Support Service – CAFCASS) بریتیە لە پاراستن[1] و پشتگیریکردن لە سەلامەتی و بەرژەوەندیی ئەو منداڵانەی کە لە کاروباری دادگای کێشە و گرفتی خێزانییدا، بەشدارن. ئێمە کارەکانمان لە ڕێگەی کارمەندانی کارامە و خاوەن ئەزموون و چالاکەوە ئەنجام دەدەین. ئەگەرچی زۆربەی کارمەندەکان فەرمانبەری ئێمەن، بەڵام هەندێکیان وەکو بەڵێندەری کاری سەربەخۆ، بۆ ئێمە کار دەکەن. ئێمە تەنها لە دادگاکانی کاروباری کێشە و گرفتی خێزانییدا کار دەکەین. ئەمانە دادگای بواری تاوانکاری نین.

[1] یاسای منداڵانی 2004 ئەرک و بەرپرسیارییەکی یاسایی دەخاتە ئەستۆی ئەو دەزگا و ڕێکخراوانەی لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەن کە کاروباری پێویست ئەنجام بدەن لە پێناوی پاراستن و پشتگیریکردنی منداڵان، بە تایبەتی پاراستنی تەندروستییان و سەلامەتییان و دابینکردنی کاتێکی خۆش بۆیان، کە بتوانن سەرکەوتووبن و بتوانن ڕۆڵی کاریگەری باشیان هەبێت و لە ڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتووبن.

cafcass

Putting children first in family courts

## ئایا کاری CAFCASS چی‌یه‌ و چی ده‌كات؟

**کاری ئێمه‌ بریتیه‌ له‌ پاراستن و پشتگیریکردن له‌ سه‌لامه‌تی و به‌رژه‌وه‌ندیی ئه‌و منداڵانه‌ی که‌ له‌ کاروباری دادگای کێشه‌ و گرفتی خێزانییدا به‌شدارن. ئێمه‌ له‌گه‌ڵ منداڵان و خێزانه‌کانیاندا کار ده‌که‌ین و، دڵنیایی ده‌که‌ین که‌ گوێیان لێڕاده‌گیرێت و پێداویستییه‌کانیان بۆ دابین ده‌کرێت. ئه‌و جۆره‌ که‌یسانه‌ی که‌ دادگا داوای یارمه‌تیمان له‌باره‌یانه‌وه‌ لێده‌كات بریتین له‌:**

- **کاتێک که‌ دایک و باوکه‌که‌ له‌ یه‌کتر جیاده‌بنه‌وه‌ یان ته‌ڵاق ده‌درێن و ناگه‌نه‌ ڕێکه‌وتنێک له‌ نێوان خۆیاندا ده‌رباره‌ی ڕێکخستنی کاروبار و چاره‌نووسی منداڵه‌کان**
- **کاتێک ده‌زگای سۆشیال سێرڤیس[2] (خزمه‌تگوزارییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان) دێنه‌ ناو مه‌سه‌له‌که‌وه‌ و بۆ پاراستنی سه‌لامه‌تییان منداڵه‌کان له‌ دایک و باوکه‌که‌ دوور ده‌خه‌نه‌وه‌ و ده‌یانخه‌نه‌ ژێر چاودێریی خۆیانه‌وه‌**
- **کاتێک منداڵه‌کان بۆ هه‌ڵگرتنه‌وه‌ و به‌خێوکردنیان له‌ لایه‌ن خێزانێکی تره‌وه‌ (ئه‌دۆپشن) ئاماده‌ ده‌کرێن.**

**ئێمه‌ ده‌زگایه‌کی سه‌ربه‌خۆین و به‌شێک نین له‌ دادگا، ده‌زگای سۆشیال سێرڤیس و ده‌زگای په‌روه‌رده‌ و خوێندن و ده‌زگای ته‌ندروستی یان هه‌ر کام له‌ دامودەزگاکانی له‌ ئه‌و بابه‌ته‌.**

## ئایا ڕۆڵ و ئه‌رکه‌ جۆراجۆره‌کانی کارمه‌ندانی CAFCASS کامانەن؟

**ڕۆڵ ئه‌رکی کارمه‌نده‌کانمان به‌نده‌ له‌سه‌ر جۆری مه‌سه‌له‌ و که‌یسه‌که‌ و ئه‌وه‌ی که‌ دادگا کتومت داوایان لێده‌كات که‌ بیکه‌ن. چوار ڕۆڵ و ئه‌رکی سه‌ره‌کی هه‌یه‌:**

- **کارمه‌ندانی پسپۆڕی منداڵان و خێزان** (Children and Family Reporters) **دێنه‌ مه‌سه‌له‌که‌وه‌ ئه‌گه‌ر دایک و باوکه‌ی که‌ له‌ یه‌کتر جیاده‌بنه‌وه‌ یان ته‌ڵاق ده‌درێن نه‌یانتوانیبێت له‌ نێوان خۆیاندا بگه‌نه‌ ڕێکه‌وتنێک ده‌رباره‌ی ڕێکخستنی کاروبار و چاره‌نووسی منداڵه‌کان. هه‌ندێک جار ده‌شێت بتوانرێت به‌ بێ هیچ ده‌ستێوه‌ردانێکی تری دادگا ڕێکه‌وتن به‌ده‌ستبهێنرێت، ئه‌گه‌رنا ئه‌وا** کارمەندی پسپۆڕی **منداڵان** و خ□زان **ده‌شێت که‌ کار و هه‌وڵی زیاتر بدات بۆ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ و گرفته‌کان یان ده‌شێت لێکۆڵینه‌وه‌ی پێویست ئه‌نجام بدات و ڕاپۆرتێک بۆ دادگا بنووسێت**
- **له‌ ئه‌و که‌یسانه‌دا که‌ ده‌زگای سۆشیال سێرڤیس به‌شدارن یان له‌ که‌یسه‌کانی هه‌ڵگرتنه‌وه‌ی منداڵدا، پارێزگاری منداڵان** (Children’s Guardians) **به‌ درێژایی که‌یسه‌که‌ ده‌بنه‌ نوێنه‌ر و داکۆکیکه‌ری به‌رژه‌وه‌ندیی منداڵه‌کان**

---

[2] له‌ ئه‌م بڵاوکراوه‌یه‌دا، مه‌به‌ست له‌ ده‌سته‌واژه‌ی 'سۆشیال سێرڤیس – خزمه‌تگوزارییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان' بریتیه‌ له‌ کاری کاونسڵی (شاره‌وانیی) ناوچه‌کان که‌ هه‌ڵده‌ستن به‌ ئه‌نجامدانی کاروباری خزمه‌تگوزارییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانیان، به‌ تایبه‌تی چاودێریی کۆمه‌ڵایه‌تیی منداڵان.

- کارمەندانی پسپۆڕ دڵنیایی دەکەن کە دایک و باوکەکە تێدەگەن کە مەسەلەی هەڵگرتنەوەی منداڵەکانیان مانای چییە سەبارەت بە منداڵەکانیان و سەبارەت بە خودی خۆیان و، هەروەها دڵنیایی بکەن کە دایک و باوکەکە ڕەزامەندن کە ئەو کارە بکرێت
- هەندێک جار لە ئەو کەیسانەدا کە دایک و باوکەکە لە یەکتر جیادەبنەوە یان تەڵاق دەدرێن و نەیانتوانیوە لە نێوان خۆیاندا بگەنە ڕێکەوتنێک دەربارەی ڕێکخستنی کاروبار و چارەنووسی منداڵەکان، دادگا پارێزگاری یاسایی (Guardians ad Litem)، واتە ئەو کەسەی کە بەرژەوەندیی منداڵەکان دەپارێزێت، دادەنێت. ئەمە تەنها لە حاڵەتێکدا دەکرێت ئەگەر سەختی و ئاڵۆزیی دیاریکراو لە مەسەلەکەدا هەبێت. لە ئەو حاڵەتەدا منداڵەکە دەکرێت بە یەکێک لە لایەنەکانی کەیسەکە و ڕۆڵی پار□زگاری یاسایی بریتی دەبێت لە بوون بە نوێنەر و پارێزەری ماف و بەرژەوەندییەکانی منداڵەکە.

## ئایا خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم ڕۆڵ و ئەرکە جیاوازانە چییە؟

هەموو ئەم ڕۆڵە و کارانە بریتین لە هەموو یان بەشێک لە ئەمانە:

- گەڕان بە دوای چاکترین سوود و بەرژەوەندی منداڵەکە
- داکۆکیکردن لە ئەو سوود و بەرژەوەندییانە
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست لەبارەیەوە
- نووسینی ڕاپۆرتێک بۆ دادگا.

بەشێکی گرنگی کاری هەر کارمەندێکی پسپۆڕمان بریتیە لە قسە و گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکاندا و گوێگرتن لە ئەوان بۆ زانینی خواست و ئارەزوو و هەستیان.

## CAFCASS چۆن دەزانێت کە ئایا چاکترین سوود و بەرژەوەندیی منداڵەکان چییە؟

کارمەندانی پسپۆڕی ئێمە لە بواری کارکردن لەگەڵ منداڵان و خێزاندا، خاوەن ئەزموونن و ڕاهێنانیان پێکراوە.

## ئایا ئەو شتانەی کە خەڵک بە CAFCASS دەڵێن بە نهێنی دەمێنێتەوە و نادرکێنرێت؟

هەر زانیارییەک تۆ بە کارمەندانی پسپۆڕی CAFCASS بدەیت دەشێت لە ناو ڕاپۆرتەکەی کە دەیدەن بە دادگا بینووسن و دەشێت زانیارییەکان بۆ مەبەستی پێویستی تر بە لایەنی تر بدرێن. بۆ نموونە هەندێک جار ئەگەر نیگەرانی دەربارەی مەترسی لەسەر سەلامەتیی منداڵەکە هەبێت،

ئەوا پێویست دەکات کە زانیارییەکان بە دەزگایەکی تر بدرێن. هەروەها ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان پێدراوە کە لە پێناوی سوود و بەرژەوەندیی منداڵان و خێزانەکاندا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی خۆمان ئەنجام بدەین و، جاروبار زانیارییەکانی تۆ بە بێ درکاندنی ناوت لە ئەو جۆرە توێژینەوە زانستییانەدا بەکاربهێنین.

## ئایا دادگا ئەوە دەکات کە منداڵەکەم دەیەوێت بکرێت؟

ڕاپۆرتی کارمەندی پسپۆڕ هەمیشە دادگا دەربارەی خواست و ئارەزوو و هەستی منداڵەکە، ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەرچی ئەوە مەسەلەیەکە کە دادگا ڕەچاوی دەکات و لێکدانەوەی دەکات، بەڵام مەرجی نیە کە دادگا هەمیشە ئەوە بکات کە منداڵەکە دەیەوێت بکرێت. دادگا ئەوە دەکات کە بە بۆچوونی ئەوان چاکترین شتە لە سوود و بەرژەوەندیی منداڵەکە.

## ئایا دادگا هەمیشە بە گوێی ڕێنمایی و پێشنیارەکانی کارمەندی پسپۆڕی CAFCASS دەکات؟

ئەگەرچی ئەوە دادگا خۆی بڕیار دەدات کە دەبێت چی بکرێت، بەڵام دادگا بە وردی لێکدانەوە و ڕەچاوی ئامۆژگاری و پێشنیارەکانی کارمەندی پسپۆڕ دەکات. ئەگەر دادگا بە پێشنیارەکانی کارمەندی پسپۆڕ قایل و ڕەزامەند نەبێت ئەوا ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی قایل و ڕەزامەند نیە.

## ئایا سەرنج و بۆچوونەکانی من بە هەند وەردەگیرێن و ڕەچاو دەکرێن؟

ئێمە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە سەرنج و بۆچوونەکانتان دەربارەی کار و خزمەتگوزارییەکانمان دەکەین، چونکە ئەوە بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی برەوپێدان و چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانمان. ئێمە حەز دەکەین کە هەموو ئەوانەی خزمەتگوزارییەکانی ئێمە بەکاردەهێنن – واتە منداڵان و گەنجان، دایک و باوکان، خزم و کەسوکار، دادگا یان دامودەزگاکانی تر – سەرنج و بۆچوونەکانی خۆیانمان پێڕابگەیەنن.

ئەو سەرنج و بۆچوونانە دەشێت بریتیبن لە:

- هەر سەرنج و تێبینییەک دەربارەی کارنامەکانمان یان ڕێسا و پەیڕەوەکانی کارکردنمان یان هەر لایەنێکی تری خزمەتگوزارییەکانمان؛
- هەر سوپاسنامە و دەستخۆشییەک دەربارەی کارەکانمان یان هەر کارمەندێکی پسپۆڕ؛
- هەر سکاڵایەک (شکاتێک) دەربارەی هەڵسوکەوت و هەر لایەنێکی ئەو خزمەتگوزاریانەی لە لایەن ئێمەوە بۆ تۆ دابین کراوە.

ئێمە هەموو سەرنجەکان و سوپاسنامە و سکاڵاکانی کە دەربارەی خزمەتگوزارییەکانمان ئاڕاستەمان دەکرێت، تۆمار دەکەین و چاودێرییان دەکەین و چاوپیاخشاندنەوە و پێداچوونەوەیان دەکەین و، ئەمجا ئەنجام و ئاکامەکانی لە ڕاپۆرتی ساڵانەماندا بڵاو دەکەینەوە.

دەشێت کاتێک کە کاروباری کەیسەکەت تەواو بوو و بە ئەنجام دەگات ئەمجا لە پێناوی برەوپێدان و چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانمان و هەروەها بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی، داوات لێبکەین کە سەرنج و بۆچوونەکانی خۆتمان پێبڵێیت.

## ئایا چۆن دەتوانم سەرنج و بۆچوونەکانم پێشکەش بکەم؟

ئەگەر هەر سەرنج و بۆچوونێک یان سوپاس و دەستخۆشییەکت هەیە بیدە بە کارمەندی پسپۆڕی مەبەست (باشترە کە بە نووسین پێیبدەیت)، یاخود بینێرە بۆ بەڕێوەبەری CAFCASSی ناوچەکەت لە ئەو ئەدرەسەی لە پشتی ئەم بڵاوکراوەیەدا نووسراوە. هەروەها دەتوانیت سەرنج و بۆچوونەکانت بنێریت بۆ ئۆفیسی سەرەکییمان لەسەر ئیمێڵی yourviews@cafcass.gov.uk

دەتوانیت لە کۆتایی کەیسەکەتدا داوای کۆبوونەوەیەک بۆ دەربڕینی سەرنج و بۆچوون بکەیت لەگەڵ ئەو کارمەندی پسپۆڕەی کە بەرپرسیار بووە لە کەیسەکەت یاخود لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا.

## ئەی چۆن ئەگەر من خۆشحاڵ و ڕەزامەند نەبم بۆ ئەو خزمەتگوزارییەی کە لە لایەن CAFCASS بۆم دابین دەکرێت؟

ئامانجی ئێمە بریتیە لە دابینکردنی چاکترین ئاستی خزمەتگوزاری لە بواری کاروباری یاسایی دادگای خێزانییدا و، هەروەها ببین بە دەنگێک بۆ منداڵان لە ئەو قۆناغە هەستیارەی ژیانیاندا. گرنگە بۆ ئێمە کە بزانین و ئاگادار بکرێینەوە کاتێک کە بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانمان لە ئەو باوەڕەدان کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەو ئامانجانەمان بەدیبهێنین.

ئێمە ڕێوشوێنی سکاڵاکردنمان هەیە کە بە تایبەتی داڕێژراوە بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە بە پێی توانا سکاڵاکان (شکاتەکان) بە خێرایی و بە شێوەیەکی ڕەوا و کاریگەرانە جێبەجێ دەکرێن و ئەنجام دەدرێن. لە خوارەوە پێشەکییەکی پوختە دەربارەی ڕێوشوێن و پرۆسەی سکاڵاکردن باس کراوە. بەڵام درێژەی ڕێوشوێنەکانی سکاڵاکردن بە چڕوپڕی لە نامیلکەیەکدا بۆ بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکان بەرهەمهێنراوە[3]، کە دەتوانیت لە ئۆفیسی CAFCASSی ناوچەکەت وەریبگریت وە یاخود دەتوانیت لە بەشی 'Information – *زانیارییەکان*'ی ماڵپەڕەکەماندا www.cafcass.gov.uk ببینیتەوە و بیخوێنیتەوە.

---

[3] بۆچوونەکانت بە هەند وەردەگیرێن – چۆنیەتی پێشکەشکردنی سەرنج، سوپاسنامە یان سکاڵا دەربارەی کارەکانمان (Your Views Count – How to make a comment, compliment or complaint about our work)

## دەبێت چی بکەم ئەگەر بمەوێت سکاڵایەک بکەم؟

ئەگەر تۆ سەبارەت بە هەر لایەنێکی خزمەتگوزارییەکە خۆشحاڵ و ڕەزامەند نیت، ئەوا هەمیشە دەبێت یەکەم شت کارمەندی پسپۆڕی CAFCASSی مەبەست لەبارەیەوە ئاگادار بکەیتەوە و پێی بڵێیت. دەشێت دەرفەتی ئەوە هەبێت کە بتوانرێت مەسەلەکان چارەسەر بکرێن. وە یاخود هەروەکو لە لاپەڕەی پێشوودا باس کراوە، دەتوانیت لە کۆتایی کەیسەکەتدا داوای کۆبوونەوەیەک بۆ دەربڕینی سەرنج و بۆچوون بکەیت.

ئەگەر ناتەوێت کە ئەو کارە بکەیت، ئەوا سکاڵایەک (شکاتێک) پێشکەش بکە و ئەمجا بە زووترین کات پەیوەندی بە بەڕێوەبەری CAFCASSی ناوچەکەت بکە.

ئەوەت لە یادبێت کە سەبارەت بە پێشکەشکردنی سکاڵاکەت ڕەچاوی ئەو خشتەی کاتانەی خوارەوە بکەیت.

*ئەگەر تۆ بە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە ڕەزامەند و قایل نیت، ئەوا چاکترین شت ئەوەیە کە لە دانیشتنەکەی دادگادا باسی ئەو مەسەلەیە بکەیت و بیخەیتە ڕوو.*

*ناتوانرێت ئەنجام و ئاکامی بڕیارەکەی دادگا بە سکاڵاکردن لە لای ئێمە بگۆڕدرێت. ئەگەر تۆ بە بڕیارەکەی دادگا ڕەزامەند و قایل نیت، ئەوا پێویستە کە ئامۆژگاریی یاسایی وەربگریت سەبارەت بە ئەگەری ئیستیئنافکردنەوە لە دژی بڕیارەکەی دادگا.*

گرنگە تێبینی ئەوە بکەیت کە کات و ماوەی دیاریکراو بۆ وەرگرتنی سکاڵا لە لایەن CAFCASS دەستنیشان کراوە. کاتی دیاریکراو بۆ گەورەساڵان بریتیە لە کەمتر لە تێپەڕبوونی سێ مانگ لە بەرواری ڕوودانی مەسەلەکە یان ڕووداوەکە. بۆ زانیاریی چڕوپڕی زیاتر دەربارەی ماوە دیاریکراوەکان، تکایە بڕوانە نامیلکەی *بۆچوونەکانت بە هەند وەردەگیرێن.*

CAFCASS لە ماوەی پێنج ڕۆژی کاردا سەبارەت بە بەدەستگەشتنی سکاڵاکەت ئاگادارت دەکاتەوە.

بەڵام منداڵان دەتوانن هەر کاتێک بیانەوێت سکاڵا پێشکەش بکەن. هەر منداڵێک بیەوێت سکاڵایەک پێشکەش بکات، ئەگەر بیەوێت دەتوانرێت بە درێژایی پرۆسەی سکاڵاکردنەکە پشتگیریی لە لایەن کەسێکی داکۆکیکەری سەربەخۆوە، بۆ دابین بکرێت.

سەلامەتیی منداڵ

ئێمە پشکنین و لێکۆڵینەوەی پێویست لەگەڵ دامودەزگاکانی تر ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی بزانین ئایا منداڵان لە ژێر مەترسیی ئازارپێگەشتنن یان نا. لەوانە ئەو منداڵانەی کە دووچاری توندوتیژی خێزانی و ئاژاوەی ناوماڵ بوون. بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕۆتینی پشکنین و لێکۆڵینەوەی پێویست لەگەڵ پۆلیس، دەزگای سۆشیال سێرڤیس و دەزگای تۆماری پاراستنی

منداڵان (Child Protection Register)، ئەنجام دەدریت. ئێمە ئاگادارت دەکەینەوە و پێت دەڵێین ئەگەر پێویست بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەگەڵ دەزگاکانی تردا هەبێت (بۆ نموونە لەگەڵ عەیادەی دکتۆر و قوتابخانەکان). زانیارییەکان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ دادگا بەکاردەهێنرێن و هەروەها دەشێت بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای سۆشیال سیرڤیس بەکاربهێنرێت.

ئێمە پشتگیری لە هیچ کار و ڕێکەوتنێک ناکەین کە سەلامەتی منداڵان، کەسانی گەنج یان چاودێرەکانیان بخاتە مەترسییەوە.

## هەمەجۆریی

ئێمە ئامانجمانە کە پشتگیری و داکۆکی لە پێداویستییە تایبەتمەندییەکانی منداڵان بکەین و ڕێز لە جۆراوجۆریی کۆمەڵگا جیاوازەکانی کە تێیاندا گەورە دەبین و گەشە دەکەین بگرین و بە نرخەوە لێیان بڕوانین. ئێمە زانیارییەکانی کە پەیوەندییان بە جیاوازی و جۆراوجۆریی بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانمانەوە هەیە تۆمار دەکەین و چاودێری دەکەین – بۆ نموونە ڕەگەز، زمان و هەر پێداویستییەکەی تایبەتی – بۆ ئەوەی بتوانین بە بەردەوامی ئاستی خزمەتگوزارییەکانمان کە بۆ منداڵان و خێزانەکانیان دابینیان دەکەین برەو پێبدەین و چاکتر بکەین. هەروەها ئەم زانیاریانە یارمەتیمان دەدات کە بە گوێرەی یاسای دەستکاریکراوی پەیوەندییە ڕەگەزییەکانی 2000 و، یاسای جیاوازیکردنی کەمئەندامانی 1995 و یاسای زمانی وێڵشی 1993، پشتگیری بکەین لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانمان بە یەکسانی و بێ جیاوازیکردن بۆ هەموو لایەک.

## زانیارییەکان

ئێمە بە گوێرەی یاسا و ڕێساکان، زانیارییەکان کۆدەکەینەوە و بەکاریان دەهێنین و دابینیان دەکەین. دەشێت زانینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ تۆ بەسوودبن:

- سروشتی کارەکەمان وەهایە کە دەبێت هەڵسوکەوت لەگەڵ زانیارییە شەخسییەکانی بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانماندا بکەین. هەموو ئەو کارانە بە گوێرەی یاسای پاراستنی داتای (زانیارییەکانی) 1998 ئەنجام دەدرێن. بۆ زانیاری دەربارەی ناووسکردنی ئێمە لەگەڵ دەزگای تۆماری پاراستنی داتا، تکایە بڕوانە www.cafcass.gov.uk
- بە پێی یاسای پاراستنی داتا، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داوای کۆپیی ئەو زانیاریانە بکەیت کە ئێمە دەربارەی تۆ هەڵمانگرتووە و لە لامانە
- ئێمە پابەندین بەدابینکردنی زانیارییەکان دەربارەی خزمەتگوزارییەکانمان بە گوێرەی یاسای ئازادیی زانیارییەکانی 2000.

**بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەوەی ئایا ئێمە چۆن بە گوێرەی** یاسای پاراستنی داتا **یان** یاسای ئازادیی زانیارییەکان **کار دەکەین، تکایە بڕوانە بەشی** *'Information – زانیارییەکان'* **ی ماڵپەڕەکەمان لە** www.cafcass.gov.uk **یاخود پەیوەندی بە ئۆفیسی CAFCASSی ناوچەکەت بکە.**

**هەروەها ماڵپەڕەکەمان زانیاریی زیاتری دەربارەی هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دابینیان دەکەین، تێدایە.**

V3-05